وەزیری بەرگری تورکیا لەسەر مەرجی ئینقەرە بە کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا ڕوونکردنەوەی دا

وەزیری بەرگری تورکیا لەسەر مەرجی ئینقەرە بە کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا قسەی کرد.

یەشار گولەر، وەزیری بەرگری تورکیا دوێنێ شەممە (1ـی حوزەیرانی 2024) لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی سەبارەت بە دۆخی ئێستای سوریا بەبێ ئاماژە بە بوونی نایاسایی سەربازەکانی تورکیا لە هەرەمی کوردستان و سوریا کە بەبێ مۆڵەت لە حکومەتەکانیان لێوەن، وتی: ئێگەری هەیە دوای دابینی ئاسایشی سنوورەکان، هێزی کشانەوە بدەینەوە.

بەپێی وتەی وەزیری بەرگری تورکیا، ئینقەرە پێشتر 3 هێزی دژە تیرۆریستی لە باکووری سوریا هەبوو و ئێستا 20 هێزی هەیە و ئێپراسیۆنێکی درێژماوە و بەربڵاویشی ئەنجامداوە.

یەشار گولەر ئاماژەی دایە سەر مەرجەکانی کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە سوریا و دەڵێت: ئامانجی ئێمە دەسخستنی ڕێگاچارێیەکی سیاسی لە سوریا بەپێی بڕیارنامەی 2254ـی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانە، ئێمە ئامادەین تا پاپێشتی لە پەسەند کرانی دەستوور بە هەموو دانیشتوانی سوریا، هەبژاردنی ئازاد، یاسای گشتی و ئاسایش بکەین.